

# له جیهان دا زیاتر له سەد ملیون مندال بێبەشن له خوێندن

ئامادەکردنی /سیروان ئەمین
sirwanlatif@yahoo.co.uk

**ڕێکخراوی یونسکۆی سەر بەنەتەوەیەکگرتوەکان ڕایگەیاند کە لە جیهاندا زیاتر لە سەد ملیون مندال لە بنەماکانی فێربوون بێ بەشن و ناچنە قوتابخانە.... یونوسکۆ لە ڕاپۆرتێکدا لە سەر وەزعی فێرکردن لە دونیادا کە لە بەرازیلیا ی پایتەختی بەرازیل بلاوکرایەوە ڕاگەیاند سێیەکی ئەو دەولەتانەی کە هەژارن تەنها لە 75%ی مندالەکانیان خوێندنی سەرەتای تەواو دەکەن ، وەڕاپۆرتەکە _کەبەبۆنەی بەستنی چوارەمین کۆبونەوەی وەزیرانی پەروردە و فێرکردنەوە بلاوکرایەوە وەزعی پەروەردەو فێرکردنی خستە ڕوو لەبەر ڕوناکی ئەو بەلێنانەی کە 180 ولات مۆریان کردوە بۆ فەراهەم کردنی بنەما کانی فێرکردن بۆ خەلکی ولاتەکانیان تا سالی 2015**
..........

**وە ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو هەلسەنگاندنانەی کراون لە سەر ئاستی ولاتەکان و جیهاندا دەری دەخات کە ڕێژەی دەرچوون لە ولاتە هەژارە و مام ناوەندیەکان و چینەهەژارەکانی هەندێ لە ولاتە پیشەسازیەکاندا ئێجگارکەمە............**
**وە بەکورتی ڕاپۆرتەکە کە لە ژێرناونیشانی (پەروەردەکردن بۆ هەموان لە سالی 2015) دەرچوو ووتی کە چۆنیەتی ئەم فێرکردنە بەس نی بۆ بە جێگەیاندنی بەرنامەی ( پەروەردەکردن بۆ هەموان لە سالی 2015 )**